
٤٤

چاپ كراوه

خوێندنگای و دایک و باوک :



الاسم ئارەزووی دزی کردن لە دڵی

الصف منداڵ چۆن دەر بهێنین ؟

لە نووسەری

المدرسة ... ماریان پرۆدۆرف

وەرگێڕانی

٩٦٦ - ٢ - ٤

خوێندنگای دایک و باوک :

نامەزووی

# [redacted] دزی کردن لە لای منداڵ [redacted]

چۆن دەری بکەین ؟

نووسەری :

پەرێشێک مارپان ڕۆدۆرف

[redacted] پسپۆڕی ...ی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە فەرەنسەدا

وەرگێڕی :

شکر فتاح

لە ڕیزە نووسراوانی (( پەروەردە کردن ))

ژمارە : ٥

ساڵ : ١٩٦٦

# تۆ بڵێی دزبێ ؟!

«دەدزێ» یان «دەیشارێتەوە» یاخود «دەیخاتە پەناوە»، لەگەڵ گەلێک کردەوەی تریشدا کە لە فەرهەنگی زماندا هەن، هەموویان بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێن کە یەکێک شتێک دەست خۆی بخات و مافی نەبێ ئەو شتەی دەست بکەوێ !..

جا هەرچەند دزەکە کردەوەکەی خۆی بچووک پیشان بدات، ئەوەندەیش خاوەن سامانە دزراوەکە ئەو کردەوەی دزینە گەورە پیشان دەدات..

کاتێ کە دزەکە دەڵێ: «هەڵمگرت» یاخود «شاردمەوە».. پیاوە سامان لێ بڕاوەکە لێی دەڵێ: «نەء! تۆ دزیت و دزیت کردووە!».

ئەو ووشەیەیش کە بۆ پیشاندانی دزێتی بەکاری دەهێنێ، ئەوەندە دەیخات کە چەند لەو کردەوە نابەجێیە بێزار و وەڕەسە. چونکە لە هەموو ووشەیەک داشتێک هەیە هەستی ناو دەروونمان پیشان دەدات.

قسەدەربڕینیش هیچ نییە ئەوەندەی کە وەک ئاوێنەیەک هەست و ئاسەوار و ووشاوی ناو دەروون پیشان دەدات..

institut kurde de paris

لەبەر ئەوە وشەی «دزی» کردەوەیەک پیشان دەدات کە بەردەوام نەنگ بێ. کەچی وشەی «شاردنەوە» کردەوەیەک پیشان دەدات کە هەندێ شارەزایی تیابێ.. وشەی «فڕاندن»یش ئەوەتایە پیشان دەدات کە خۆماندووکردنێکی وایە کە هەندێ «وەرزش»ی تیابێ!!

کاتێکیش کە لەبارەی منداڵێکەوە دەدوێین دەڵێین:
«ئەوە منداڵێکی وایە ئەوانەی لەگەڵیدان چاوەشیان دەکات و شتی وایش هەڵدەگرێ و دەیبات کە ماڵی ئەوانی بێ». ڕستەکە بە دوو جۆر لێک دەدرێتەوە.
لێکدانەوەیەکیان دڵ ڕەقی تیادایە، ئەگەر بێتو بەچاوێکی ئاسایی یەوە سەیری کردەوەی ئەو منداڵە بکەین..
لێکدانەوەیەکیشیان دڵنەرمیی تیادایە، ئەگەر بێتو بەچاوێکی ئاسایی وە سەیری کردەوەی منداڵەکە بکەین، لێ ئەمەی کردەوەکەی لە (بەبەرچاوی) خۆماندا گەورە بکەین!.
لەبیروبڕکردنیشە بە جۆرێکی ئاسایی لە سەرەتادا تیروتوح دەستی لێ دەکات. وەک بڵێین: منداڵەکە بارەچ شتێکی یە لە دەست خۆشکردنی خۆی دەبینێ.. پاش ئەوە دەگاتە ئەوەی کە دە فەرەنگ، بە دزی یەوە، لە

پڕ یاسکەی پارەکانی دایکی دەبەهێنێ.. دوای ئەوە دەچێتە
ئەوەی کە سەد فرەنک ، بەدزی یەوە ، لە گیرفانی باوکی
خۆی دەبەهێنێ.. یاخود سەوزە فرۆشەکە چاوی
لێ بکات و هەندێ لە کەلوپەلی ناو دوکانەکەی هەڵبگرێ و
بیبات !.. یان لە کاتێکا کە کەس چاوی لێ نەبێ ، بەری
دارێک بکاتەوە لە باخی یەکێک لە دراوسێکان..
جا منداڵەکە بەرەبەرە هەتا گەورە دەبێ یەک لە دوای
یەک دزی گەورەتر و گرنگتر دەکات. تاوای لێ دێ
ڕۆژێک لە ڕۆژان ، لە باکانە ، هەزار فرەنک لە چاوەی
مێزی ئەوی سەر دارەکەی خۆی دەردەهێنێ و دەدزێ!..
پاشان هەتا دێ بەرەو کەیتێ گەورەتر دەچێت ،
تاوای لێ دێ بە تفەنگەوە هەڵدەکوتێتە سەر جێگا
گشتی یەکان ، بۆ تالان کردن !.. پاش ئەوە لە
تالان کردنیشدا بەرەبەرە پێش دەکەوێ.. لە
پێشدا بە تاریکیدا بە تفەنگەوە هێرش دەباتە سەر
جێگا گشتی یەکان.. دوایی وا ئیشی لێ دێ لە بەرۆژی
ڕووناک بە تفەنگەوە هێرش ببا تە سەر جێگا
گشتی یەکان ، بۆ ئەوەی پێنجی هەزار ، یاخود سێ
ملیۆن فرەنک تالان بکات!.

institut kurde de paris

جا لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم کردەوانە لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان
زۆر هەیە، کە لەناوەند سەندنی پارچە شیرینییەک لەدەستی
خوشکێک و تالان کردنێکی بەچەکەوە بەڕۆژی ڕووناک
ماوەیەکی بێ ئەژمار دوور هەیە!.. دەڵێم، لەگەڵ
ئەوەشدا کە ماوەیەکی بێ ئەژمار دوور هەیە لەناوەند ئەم
دوو کردەوەیەدا، بەڵام ڕاستییەکی بڕیار لەسەر دراو
هەیە، کە هیچ گومانێکی تێ نابڕێ. ئەویش ئەوەیە کە
ئەم چەشنە گرانە بۆیەم کە بیرتاوەتی ئەوە دەربکەوێ کە
«گەلای دزێتییەکە لە هیچ جێگایەکەوە، یا خود لە
هیچ کردارێکەوە دەستی کرد ووە پەیدا بوون..
ئاخۆ گەلای دزێتییەکە لەو کاتەوە پەیدا بووە کە پارچە شیرینی
یەکی لە دەست خوشکەکەی خۆی سەندووە؟ یا خود لەو
کاتەوە پەیدا بووە، کە منداڵەکە سەد فلسێکەکەی، بەدزی یەوە
لە گیرفانی باوکی دەرهێناوە؟..
هەروەها ئەگەر گەلای دزێتییەکە لەو کاتەوە پەیدا بووبێ
کە ئەو کردەوە بچووکە ڕوو لووە ڕووی داوە، ئەوەش
لۆبە گرانە کە بزانین تا چ ئەندازەیەک ئەو دزێتییە
پەرەسەنێ و گەشە دەکات. یا خود کەی ئەو کارە
وای لێ دێ کە بە کوشتن و تاوان دابڕێ؟!..

یاخود ئەنجامی ئاواتبارە کە بە چی دەگات ؟!.. یان لە چ ئەندازەیەکدا ڕادەوەستێ ؟!

ئەوەندە هەیە هەڵسەنگاندنی ئەم کردەوانە لەلایەن منداڵەکەوە ئەو نرخ و بایەخەی نییە کە ئەوانی لەناویاندا ئەژی هەڵی دەسەنگێنن .. چونکە هەندێ باوک وا دەبینن کە دڵڕەقییەکی بێ ئەندازە پیشان دەدەن بەرامبەر ئەو کوڕە بچکۆلەیەیان لە بارەی شیرینییەکی لە چاوەی دۆلابێکی دووری نان خواردن دەرهێناوە ، بە دزییەوە . تەنانەت لە دوارۆژی کوڕەکەیان دەترسن کە بێ بە دزێکی تەواو . کەچی باوکانێ وایش دەبینن کە ئەم جۆرە کردەوەیە بە « هونەر » یاخود بە « شارەزایی »یەک دادەنێن بۆ کوڕەکەیان ، کە ئەتوانێ چۆن سواری ( ترام ) ببێ و خۆشی لە دەست دانی مزی سوار بوونەکەی ڕزگار ئەکات !. بێجگە لەوەیش ئەم کردەوەیە هەر بۆ بەزم و پێکەنین دەگێڕنەوە !..

## با هەر یەک بین بزانین چی بە مێشکی منداڵەکەدا دێ ؟

ئێمە لێرەدا ناماندەوێ [illegible] لە کوڕە ئاواتبارەکە بدوێین ،

کە کردەوەی وای لێ دەوەشێتەوە یا سزای لەسەر
دەدات. ئێمە دەمانەوێ لەو کورە بدوێین کە شتی پڕوپووچ
لە ناوماڵ یا خود لە خوێندنگا هەڵدەگرێ بە دزییەوە.
وە ئاناو منداڵە دەدوێین کە ئەم کردەوانەی دەیانکات،
خۆیان لە خۆیاندا بە سامناک و گرنگ دانانێن، بەڵام
جار و بارێک ئێمە لە ئەنجامیان دەکەوینە پەژارەوە..
هەندێ باوکانی وایش هەن، لە سەرەتادا بە تەنگ ڕوودانی
ئەم کردەوانەوە نین. بە شتێکی لێ ئەخمیان دادەنێن.
کەمێ زۆری لێ ناچێ، ئەو باوکانەمان چاو لێ دەکەوێ سەروو
لە سەر کردەوەیەک لەو کردەوانە کە ڕوودەدات،
بە تەواوەتی دەگۆڕێن، وە ئاناو لە کەم تەرخەمییەوە
دەکەونە دڵتەنگییەکی بێ چارە ناخۆش و گران!.. لەو
کەمتەرخەمییەوە کە تیابوون و بەو کردەوەیان دەگوت
هیچ نییە وشتێکی پڕو پووچە، دەکەونە دڵەڕاوکێیەکی بێ چارە
ناخۆش لە چونەوەیە گریاندن بەو منداڵەی کە ئەو کردەوە
یکوکە.. و.. هیچ و پووچەی کردووە!.. یا ئەم جارە
زۆر سەریان سوڕ دەمێنێ لەوەی کە توندوتیژییەکەیان
لە سزادان و سەرزەنشت کردن دا، هیچ کەڵکێکی نەبووە!

institut kurde de paris

جا ئەگەر ئەوە بە دڵیاندا بێت و لەگەڵ منداڵەکەدا بە شیرینی بجووڵێنەوە،
لێیان دەردەکەوێ کە ئەوەی وشیرینیان کردیان خراپتری لێ کردووە..
ئەمەش سەبارەت بەوەیە کە ئەگەر کوڕەکە لەبەر توندوتیژیی
سزادانی باوک و دایکی بێ کە وازی لە دزیی هێنابێ، یاخود لەبەر
ڕێک کەوتن و ئەوەم جووڵاندنەوەیان بێت لەگەڵیا، لە پاشی خۆ
گێشاندنەوەی لە دزیی بکری، خۆی لە کاروفرمان و چالاکییش
دەکێشێتەوە.. پاشی ئەوە خۆی لە خوێندنگا لێشی دەرباز
دەکات !؟..

کە وایە دەبێ ئێمە چی بکەین

با لە پێشی هەموو شتێکدا ئەوە لێ بگەڕێین کە چی دێت بە بیری
کوڕە بچکۆلە "دزەکەمان"دا!.. وا چەند وێنەیە لە دەهێنینەوە
گرنگ و ئەزیندووە لە بابەت ئەو بارانەوە کە بە [illegible] ماندا
تێپەڕیون و خاوەندکانیانمان ناسیوە. وێنەکانیشی
وەک خۆیان هەن، بشانیات دەدەین، هیچیان لێ ناگۆڕین
ئێمە لێ وامان بە باش زانی کە وێنەی هەرە وورد و هەرە
قوولیان لێ هەڵبژێرین لە واتا بەخشیندا. هەروەها
وێنەی هەرە باوڵیشیان.. چونکە هیچ شتێک لەوە بە
کەڵکتر نییە بۆ ئێمە، کە لە نزیکەوە سەرنج لە منداڵەکانمان
بدەین، بە جۆرێکی وورد و تایبەتی..

institut kurde de paris

خۆزگە لە پێش ئەوەدا کە دەست بکرێت بە پەروەردە کردنی ئەوان،
ئاوەمان بەو منداڵانە خۆیان بدایە، کە ئەوانیش دەست
بکەن بە پەروەردە کردنی ئێمە!..

## هەندێ لەوانەی دەیانناسم

[ وێنەی یەکەم ]

«ڕۆجە» و «حەسەن» براو خوشکن، لەگەڵ یەکتردا
شەڕ و شۆڕ دەکەن و قاو و قیژ دەکەن.. لە یەکتر دەدەن،
یەکتر دەگەزن، چرنووکیش لە یەکتر دەگرن!..
کاتێک دەنانێت ژوورەکەیان (گاڵ و سڵی ناو) بەرە و شێر دەبێ!
دایکیان بە هەڵە داوان دەگاتە لایان تا بزانێ چی ڕووی
داوە. بەڵام دەچێ لە پشتی کچە بچکۆلەکەی دەگرێ و قە
ناڕاستی کوڕەکەی دەکات، پێی دەڵێ:
«من فەرمانت پێ دەدەم کە واز لەم خوشکە بچکۆلەیەی خۆت
بهێنیت. ئەوە بۆچی وات بەسەر هاتووە؟!...»
لێرەدا «حەسەن» دەست دەکات بە گریان و دەڵێ:
«براکەم تۆ قوڵپەکەی لە دەست سەندم!..» دایکەکەش
لە ترسی «برووباوەڕ»ەکەی خۆی بپارێزێ، بە ناچاری
هەندێک لە «ڕۆجە»ی کوڕی دەبێتەوە..

institut kurde de paris

پاشی ئەوە لەو ڕۆژەوە کە دە چیتە دەرەوە ، سەنگی خۆی دەر
دەبڕێنێ و هەرچیەک ڕووی داوە دەمودەست لەبیری
دەچێتەوە .. ئەوە وادەزانێ کە ئەو کارەساتە بابەتێکی
کەم بایەخ و ئەوەیشی نا هێنێ کە لەوەندە بەولاوە
بیرەوەی خەریکی بێ !...
بەڵام هەر ئەوەندە چەند ڕۆژێکی لێ دەچێ ، دایکم لە
لە ناکاو دێ لە سەر دۆچیەکەدا ، کە تەماشا دەکات
ئەوا چاوێکی مزە کوێر بووە کە خۆی هەندێ شیرینی
تیا شاردبووەوە ، دەستی کردووە بە چکۆلە لە
دەرهێنان ، دەمی خۆی لێ پڕ کردووە !.. لە پاشی دا
لێ پرسینی ئەوەی کە ئەو چکۆلەتانەی لە کوێ هێناوە بە
کاتی بە فیڕۆ دان دەزانێ !.. چونکە ئەم کارەساتە
لەوەندە ئاشکرایە هیچ پرسێکی لێ ناوێ !...
حالە بەئەوەی دایکم ئەوەی لە کورە چکۆلە کەی خۆی
پێ ئەسەیر بوو کە کارەساتی وای لێ ڕوو داوە ، ئەوچۆلو
دەرگای چاوی مزە کە دەبێت تانە هێلێ ئەو دزی ی
لێ بکات ... بەم ڕەنگە ئەم کارەساتەیش هەروا
بە ئاسانی تێپەڕ بوو . چونکە دایکم بە کارێکی بچووکی لێ ئەزمی
دانا ، کە ئەوەی هەڵ نەگرت خۆی بێ خەرێکی بکات !..

institut kurde de paris

بەڵام ئەم بارە زۆری پێ ناخۆش بە تەواوەتی دەگۆڕرێ.
کە نییە و بە نییە لە دەبێتە ڕاستی، کە هەولێ کرێنێ تیا نامێنێ.
چونکە ئەمندە مەترسی لێ دەکرێ، دڵ زۆرتر دەخاتە
لێ سەرەوتی یەدە.. ڕۆژێکی لە ڕۆژان، لەو کاتەدا کە باوک
و دایکم و کچە گچکۆلەکە «جاڵین» لەم دیو و لەو دیوی
خوانی نان خواردنەکەوە دانیشتبوون، ژوورەکە ماتێ و
لێ دەنگی یەکی تەواو کاڵگیری کردبوو، «ڕۆجیە» لەگەڵیاندا
دانەنیشتبوو، چونکە کچۆڵە جیاکەی دا.. کچکۆلە
کەیشی هەرچەند تەماشای ڕووخساری دایک و باوکی
دەکرد خەفەت دای دەگرت، لەبەرئەوە نان و خێشتە
کەی باش لێ نەدەخوا.. کاتێکی ئاوی لە بەر باوکی هەستایە
سەرپێ و لە تەنیشت خوانەکەوە وەستا و بە دڵێکی تەواو
تەنگەوە ئەم قسانەی دەربڕی، گوتی: «لەوەتی گرتیتم
کە منداڵەکە جێ ئاگاداری نییە تووتوولەکەی لە دەستی خۆی
کەی خۆی سەندبوو، بە زۆر.. هەر دەها لەوەشی تێگەیشتم
کە بە دزییەوە چۆوەتە گیرفانی یا خود دەمی خۆی پڕ کردبوو
لە چکۆلاتە کە لە جادەیەکی خوانی ناو ژووری نان خواردنەکەدا
پاڕێزرا بوو.. بەڵام هەرگیز لەوەتی ناگەم چۆن فێر بووە بارە
بدزێ ؟!»..

institut kurde de paris

وا ڕێک کەوت لە سەرەتای هاوین دا گەرما دەستی پێ کرد.
ماوەی ناوەند ماڵ و خوێندنگاکەیش زۆر درێژ بوو.
جارێکیان «ڕۆجیە» و «جالک»ی هاوڕێی لە
خوێندنگا دەگەڕانەوە ماڵێ. لەبەرچاویان بە دەستگێڕێک
کەوت «بەستەنی»ی دەفرۆشت. لەبەر ئەوەی کە شەقام کە
داوەستابوو. بێجگە لە بەستەنی هەموو جۆرە ساردەمەنییەکی
خۆشی لێ بوو دەیفرۆشت.. لەبەر «جالک»ی هاوڕێ
ی «ڕۆجیە» پارەی پێ بوو و خۆی گەیاندە لای فرۆشیارەکە،
هەندێ بەستەنی لێ کڕی و دەستی کرد بە خواردنی. کەچی
«ڕۆجیە»یش لەبەردەمیا وەستابوو، ئاوی زاری بوو
دەمیەوە، بە بەرۆشەوە بوو بە خواردنی ساردەمەنی
یەک تاڵ و تینوێتی بە ڕزگاری بیر هێنەوەی نەمابوو
گەڕووی لەت لەت ببات!
جانەم کارەساتە هەموو ڕۆژ دوو بارە دەبوەوە: ڕۆجیەی
بەشی پارەو چاکی خواڵی دا و پێکەوە لە خوێندنگاوە دەگەڕانە
وە ماڵێ. «جالک» لەو ساردەمەنییە خۆشانەی
دەکڕی و دەیخواردەوە، کەچی «ڕۆجیە»یش هەر ئەوەندەی
بۆ دەمایەوە تەماشای ئەو ساردەمەنییە ڕەنگاوڕەنگ
گەشانە بکات کە زەرد و سوور و سپی دانرابوون،

institut kurde de paris

ئەربیطانەوە.. پڕ بە دڵ حەزی لێ دەکردن بیانخواتەوە، بەڵام
چونکە پارەی لێ نەبوو بیانکڕێ پیشی لێ خواردەوە!
لە بەدبەختی خۆشی.. «ڕۆجیە» نەمنداڵێکی دەروێش
نەمنداڵێکی پیستی بەرەست... هەروەها «حاڵ»ی هاو
ڕێی نە منداڵێکی خۆ پارێز بوو، نەمنداڵێکی بەرچاو
فراوان و بە حەشەرە!.. کەواتە چی لەوە ئاسانتر بوو
«ڕۆجیە» کە دەست درێژ بکات بۆ پریاسکە
کەی دایکی و بیست فلسێکی لێ بدزێ؟.. خۆ کەس
ناتوانێ دزیی پارەیەکی وا کەم بدۆزێتەوە!..
لە ڕاستیشدا بە ئەستەنی یە خۆشەویستی، ئەوە هەڵ
دەگرێ، کە پیاو بەم جۆرە خۆی لەکاندوو بکات!!
بەم جۆرە «ڕۆجیە» خووی گرتبوەوە کە
هەموو ڕۆژێک بە دزییەوە دەست بیات بۆ پریاسکە
کەی دایکی و بیست فلسێکی لێ دەربهێنێ!.. بەڵام ئەو
پارەکەمانە، هەر لە دڵۆپە ئاونزیان دەکرد کە لە
ئاڵتینەیەک دێنە خوارەوە، کە لە پاش ماوەیەک گۆلێنە
چەپی بێ... چونکە ئەگەر ئەوان نەبوونی بیست فلسێک
لە ڕۆژی خۆی دا ئاشکرا نەبێ، ئەوان نەبوونی بیست
فلسێک کە هەموو ڕۆژێک ڕوو بدات، چەند ڕۆژێکی

institut kurde de paris

لێ ناخۆش و ناشکرا دەبێ .. چونکە دایکەکە لە بڕینەوەی جەفتەدا
دەستی کرد بە پیا چوونەوەی لەنگەری پارەی ماڵەکەی ،
بە ژماردنی پارەی بە خەت کراو لەو دەفتەرەیدا . کە
سەرنجی دا سەد فرەنکی تەواو دیار نەبوو!.. دیار بوو وون
بووبوو !..

لە پێشدا بڕیاریان بۆ «پرۆچیە» دەچێ .. پاش ئەوە
گومانیان دەگۆڕێ و دەچێ بە باوەڕ .. لە دوای باوەڕ
کردنیش لێیان دڵنیا دەبێتەوە !.. حاڵەم وە بوو کە
ئەو ڕۆژە لە ژووری نان خواردنەکەدا ماڵی و لێ
دەنگی دایک و باوکەکەی لێ گیر کرد بوو ، هەروەها
ماڵەکەشی واڵێ کردبوو !.. ×

× ئەوە بوو لە وە پێش گوتمان کە هەڵسەنگاندنی کارو
کردەوەی منداڵ کە لە لایەن منداڵەکە خۆیەوە زۆر
جیاوازی هەیە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەوانەدا!
کە لە ناویاندا دەژی .. هەرچی باوکەکەیە ، کە کارەساتێکی
وا ڕوو دەدات ، ئەوەی دێتە پێش چاو کە «کورەکەی
دوای خۆی لە بەندیخانە توند دەکات !..» .. لەگەڵ
دایکەکە لە شایەو پاوێژ دەکات کە ڕەوانەی بکەن بۆ
یەکێک لە «ڕاست کردنەوەو خانەکانی (پەروەردەی) منداڵان»..!.. ✗

ئەم هەموو شتە گەورە کردنە و گیروگرفت نوواندنەی بۆچی؟
ئەگەر بێتو بە چاوێکی ڕاستی و ڕووداوەوە سەیری هەموو
شتێک بکەین، کارەکەمان ئاسانتر نابێ و چارەکردنیشی
سووکتری لێ نایەت؟.. با لەوەوە دەست پێ بکەین،
کە ڕۆژانەیەکی کەم بۆ «ڕۆجیە» ببڕینەوە، لە گیرفانیا
بێ، هەر دەمێ ئارەزووی کرد، بەختی بکات، چونکە
ئەم پارەی ڕۆژانەیە بۆ ئەو هەر پێویستە تەنانەت ئەگەر
بە پەرۆشیشەوە نەیکا بۆ خواردنی سەردەمی،
ئەو پارەیەی هەر پێویستە.. چونکە بێ گومان منداڵەکە
شەرم دەکات لە خۆی، کە نەتوانێ وەک هاوڕێکانی
خۆی ئەو شتانە بکڕێت کە دڵی پێیان خۆش دەبێ..
باوک و دایکەکەی دەبێ بتوانن لەم کەینە و بەینەیە تێبگەن،
هەر لەو ساکەوە کە «ڕۆجیە» تووقوڵەکەی لە دەست
خوشکەکەی خۆی فڕاندبوو!.. «ڕۆجیە» هەستی وا بەخۆی
کردبوو کە بەشی بڕاوە لە خۆشەویستی و بەزەیی پیا هاتنەوەی
دایک و باوکی، لە دڵسۆزی و خەمخۆری یان. ئەوەک
خوشکەکەی جیاوازییان ناکەن. خوشکەکەی لەو لە
پێشترە. جا هەرچەند دایک و باوکە ئەو جیاوازییە
یان لە ناو ئەو و خوشکەکەی دا دەرنەدەنواند، کوڕەکەش

institut kurde de paris

زۆرتر هەستی بە ناخۆشیی بەش بڕاوی دەکرد . جاندەم
هەست بە خۆکردنەی لە یاڵی پێوەدەنا بۆ «دزی»
کردن !..
لەم کاتە سادانەشیدا کە لە «ڕۆحیە» ڕووی دا ،
لە پاش ئەوەیشی کە باوک و دایکەکەی جۆرە بڕیان لێ
گرایەند ، دەمارە پێشتکی بێکانیان دامرکانەوە و
هەسانەوە . ئاشتیلیان بە مەشکیلیان گەیشت . ئێنجا
هۆشیان هاتەوە بەر خۆیان و هات بە دڵیاندا کە پێویستە
ژنەکانە بیر لە کەینە و بەینە کە بکەنەوە . کە لە سەر خۆ
لێکۆڵینەوە و شی کردنەوەی لێ بکەن . جا لە بەر ئەوە
بە کەم کارێک کە نوێندیان بە ئەمیری «ڕۆحیە» ئەوە
لەوکە تێیان گەیاند لە شێوەیەکی ڕاستەوخۆوە وان دا ،
کە هەر کاتێ و لەتی شتێکی دەست بکەوێ ئەم زوو بەزوو
ئارەزووی خۆی ئاشکرا بکات بۆ هەردووکیان .
چونکە هەر ئەم ڕێگایە هەیە لە بەلەدی و تەواڵی دڵیان بەستی بە
خۆیەوە و دڵیان خۆش بکات و باوەڕیشی لێ بکەن .
ئەمەیشی ئەوە ناگرێتێ کە هەر چییەکی لێ داوا کردبێ
بۆیان جێبەجێ کردبێ . وا ڕێک کەوت هەموو
خواستێکیان بەجێ دێیەوە و بۆیان جێبەجێ کرد

institut kurde de paris

ئەوەندە هەبوو بەرپەرچ دانەوەکەیان ، هەموو دەمێک هەر
لەسەر شتێکی دیاری کراو بوو . چونکە بێگومان بەرپەرچ
دانەوەی شتێکی دیاری کراو ، لە سوور و شتا جیاوازی
هەیە لەگەڵ ئەو بەرپەرچ دانەوە گشتی یەی کە
بۆ هەموو شتێک بکرێت کە ئەو ئارەزوویان دەکات .
هۆی بنچینەیی ی کارەساتی بەستەنی یە کەیشی ئەوە بوو
کە قەدما ، « پۆ جیە ؟ نەی وێرا بوو داوای بکات لە باوک و
دایکی .. لەبەر ئەوە ئارەزووی دەست کەوتنی ئەو بەستەنی
یە چوو بوە کانگای دڵیەوە و [illegible]نگی تیا خوار دبووەوە ، بۆ
هەڵێک دەگەڕا کە لێی بێتە دەرەوە .. جا هەر لەمەوە بوو
کە ئەو پارانەی لە دایکی دەدزی ، بۆ ئەوەی ئەو بەستەنی یەی
پێ بکڕێ !. چونکە ئەوە بۆ هەموومان دەرکەوتووە کە
ئەگەر ئارەزوویەک بێک نەهێنرێت ، ئادێتە هەڵدەچێ و
گردەسێنێ . جا ئەگەر ئێمە دەستوورەمان بەسەر کوڕە
کەدا نووانن و ، سەیری کردەوە لە ئەندازە بەدەرەکەی
باوک و دایکی کە بیمان کرد کە بەرامبەر کردەوەی کوڕە
کەیان چییان کردووە ، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم
چوونە لە « لە ئەندازە بەدەری » یە لەگەڵ کارەسات
کەی بێ کەم « ماتەواو بەرپرسەوە دەچێ !..

institut kurde de paris

بۆ نموونە ئەگەر بێتو ئارەزووەکانی منداڵەکەمان پێ نەگوتابێ و نەمان
توانیبێ ، ئەگەر خۆشی منداڵیمان تەواو ھەڵبسەنگاندبێ
منداڵەکە ئارەزووەکانی ئەوەندە ھێزو ھەرەتیان
نەبێ ئەوەندە لە پاڵی پێوە بنێن بۆ دزی کردن ، تا بە پارەی
دزییەکە ئەو ئارەزووانەی پێ دابمرکێنێتەوە .. ھەروەھا
لەوانەیە باوک و دایکیش ئەوەندە گری نەبەستن
کە بچێتە مێشکیانەوە لەجیاتی کوڕەکەیان بە بەندیخانە
بگات ! باوک و دایکەکە کەینەوبەینەی «ڕۆحییە»
یان بوو بە کێشەیەک لە پزیشکە پسپۆڕەکان گێڕایەوە .
بەڵام پزیشکەکە کوڕەکەی بە نەخۆشی نەھاتبووە
پێش چاو ، کە پێویستی بە چارەی بکرێ . بەڵام
ھۆشی باوک و دایکەکەی ھێنایەوە سەر خۆی و
واشی لێکردبوون کە بە چاوێکی ڕاستی و دوور و ستیی و
پەروەردەوە سەیری ئەم کەینەوبەینەیە بکەن ..
ھەر ئەوەندە باوک و دایکە کە بە ڕاوێژی
پزیشکەکەیان کرد ، لەوەدا سەرکەوتن کە
کوڕەکەی خۆیان بخەنەوە سەر ڕێگای ڕاست ..

institut kurde de paris

# [ وێنەی دووەم ]

«هەنری» منداڵێکە دڵی مردووە. لەبەرئەوە لە خۆشەویستی
ئەو لێ بەش ماوەتەوە. لە ئەنجامی ئەوەدا هەندێک لە
کاروباری ماڵ کەوتبووە سەرشانی ئەودا.. هاورێکانی
«هەنری»یش وا هاتبوون کە هەموو ئێوارانێکی ڕۆژی پێنج
شەممە لە ناو دارستانەکەدا یاری بکەن و کاتێکی پڕ
بەزموو خۆشیی پێوە ڕابوێرن. کەچی هەر لەو
کاتەدا دەبوو «هەنری» لەگەڵ خوشکە بچکۆلەکەیدا
دوابێ و بیگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە. کە ڕۆژەکانی پێنجشەممە
لێ دەهاتن هەر بەم جۆرە ئێوارەی دەبوارد، بەتەنیا،
لە حەوشدا دەمایەوە، هیچ دەستی نەدەکەوت کاتی
لێ بگۆڕێ ئەوەندێ کە «هەنری» وێنە بکێشێ و ڕەنگیان
لێ بدات.. لەبەرئەوە ژیانی [هەنری] لە بێستوومەری
وەڕەس بووی خەفەتبارانە بەڕێوە دەچوو.. کە لە پاشی
ماوەیەک بوو بە هۆی ئەوەی [هەنری] فێری سەر
کزی بێ و هەر بیر لە خۆی بکاتەوە.. کاتێ کە
دەچووە خوێندنگاوە، کەس لە هاورێکانی خۆی
لێ نەگەڕاند... هەروەک بەردێک لێ و لەوێ فڕێ
درابێ وا بوو. هیچ ووتەی لە دەمەوە نەدەهات.

هەروەها دەمێکیشی بەلاترێسکەلێ و دوورەوە پەرزی بووە
دونیا.. تێکەڵ بەکەس نەبوو.. کاتێ کە هاورێکانی لە
بابەت تۆپ و تفەنگەوە قسەیان دەکرد، ئەو هەر
ئەوەندەی لەدەست دەهات کە ئاواتیان بۆ بخوازێت،
بۆ ئەوەی نێك لەوان بەکاریان بهێنێت. لە دڵی خۆی دا
دەیگوت: پەیدا دەکەن تۆپ و تفەنگ بە چ کار جوانن!
بۆ جەنگیان « هەرزی هاتەوە ماڵەوە. ناچار بوو
بەلاماری فەرمانی [illegible] خۆی دا بیکات. هەروەها
بە خۆشکی بچکۆلەکەی شێوەی هەژارێك بێت. هەروەها
لە مەکانەی بوەوە، بیری خۆی بەرەو لا کرد،
بە رۆشتن بە هەموولا بیکا!.. بەلام ئاخۆ بیری لە
چی کردبێتەوە؟!. بیری لە تۆپ و تفەنگ جوانانە
دەکردەوە کە هاورێکانی قسەیان لێوە دەکردن.
دەیەنی تفەنگیشی بە رۆژ و بە شەو دەهاتە پێشی چاوی،
لەکەللەی نەبوو چووە دەرەوە.. ترپانەت لە خەو لێ دا
هەر لەبەر چاوی بوو.. هەرچەند هەڵکێڵی دەست بکە و تاپە
دەچووە بەر دووکانی چەك فرۆشەکە، لە تفەنگە جوانە
بەسەر دانانە وورد دەبووەوە کە لەبەر دووکانە
کە یان داینا بوون بۆ فرۆشتن!.. جا دەڵێن چی بوو دا؟!

ئەوە ڕوودا کە [هەنری] ، ئەم کوڕە شەرمنە لە دەنگ و
سەرنگەی گوێشت گیرە ، کە دوور لە هاوڕێکانی خۆی دەژیا ،
بە باڵخێبەکیان حەلویان لێ کەوت تفەنگێکی بەدەستەوە بوو
لە بەردەم شاگردەکان دا ، لە خوێندنگا هەر کەدا پیشانی
ئەموئەوی دەدا ، خۆی هەڵدەگێشا ، بە سەرکەوتنەکەیەوە ، لە
خۆی بایی بووبوو ، خۆی نەدەتوانی !.. کاتێک ئازا هەموو شاگرد
کانی لێی کۆبونەوە و سەیریان لەو تفەنگە دەدا کە بە
دەستیەوە بوو ، تەنانەت شاگردە گەورەکانیش
تفەنگەکەیان حووبەدڵ دا و چاویان بە [هەنری] هەڵ
دەهێنا کە تفەنگێکی وای دەستکەوتووە !.. بەڵام
«هەنری» چۆن ئەو تفەنگەی دەستکەوتبوو ؟..
ئەو تەواو شارەزای ئەو جێگایە بوو لە باوکی سندوقە
پارەکەی خۆی لێ دانابوو .. باوکیشی هێشتا نەگەڕابووە
وە ماڵەوە .. هەرچی خوشکە بچکۆلەکەیشی بوو ، بە
خواردنی شیوەکەیەوە خەریک بوو .. کە واتە هەلی
لە دەستدابوو ، لۆچی لە دەست خۆی بدات ! زوو دەستی
خستە ناو سندوقی پارەکانەوە .. بەڵام کاتێ
خەریکی ئەوە بوو ، گوێی لە دەنگی دەرگاکە بوو کرایەوە .
بێ گومان کەس نەبوو ، باوکی نەبێ ، هاتبووەوە ...

لەدڵی خۆیدا گوتی:

دەنگە، ئەوەندەی بەدەمەوە نەماوە.. بەم زەنگە
تا چار بوو دوو بانگی توتی لە سنوقەکە دەرهێنا و بەبەلە
خستنیە گیرفانیەوە!.. لەم کاتەدا باوکی گەشتە ژوورەکە
و ڕووبەڕووی وەستا.. «هەنری» بەبێ دەنگی یەکەوە
هەر سەیری دەموچاوی باوکی ئەکرد.. بەڵام ئەو خووی وا
گرتبوو، باوکیشی بەوەوە ڕاهاتبوو کە هەموودەم بەو جۆرەی
ببینێ.. بەڵام کەس لەو کاتەدا بەبیریانە ئەهات کە ماتی و
بێ دەنگی یەکەی ئەم جارەی لە ئەنجامی کارێکی نەنگەوە یەکە
تازە کردوێتی!.. هەروەها باوکیشی هەرگیز لەوە پێشی
خوی ماندوو نەکردبوو بەوەوە کە بڵێ لە دوای ئەم بێ دەنگی و
سەرنگی یەوە چ جۆرە هەست و تاسەیەک لە دڵیا ئەجوشێ و
وڵاوەیەکی ئاخاوەرە ئەنیشێتەوە، کە هەر لە وشیانە ناخوێتەوە پەیدا
بووە لەو ئەو منداڵە بچووکەتیا ئەژی..

بەم زەنگە «هەنری»، دوای گەشتە بە تاوانی خوی.
ئەو شتەی کامی بو کردبوو دەستی کەوتی. لەمەو دواش
ئەتوانی گەشتی خوشی خوشی ڕێکبخات بو ڕاو کردن.
لەم ڕێگەیەوە دواوەشی ئەلی بەکەسێکی وەها کە نرخی هەبێ
و ڕێزیشی لێ بگیرێ وەک کەسانی تر. بوی هەیە لەوان
زۆرتریش پایەخی لێ بدرێ!.. بەڵام کامە ڕانی یەکەی

institut kurde de paris

[هەنری] زۆری نەکێشا. پاش ئەمەی باوکەکەی دزێتییەکە
ئەوی، لێ خۆماندووکردن، دۆزییەوە، گرتیەو بەندیکرد
ئاشکرا بوو!.. ئایا ئیتر ئەوەمان لێ دەگوترێ کە سەرزەنشت
کردن و سزادانی زلڕەقانە، چارەیەکی سەرکەوتووە بێ
بۆ [هەنری]ی بەسەزمان ؟!..

## [ وێنەی سێ هەم ]

«مارسێل» لە هەموو براکانی خۆی گەورەترە. حالەبەر
ئەمەی دایکی هەموو دەمێک بە کاروباری ماڵەکەوە
ماندووە، وای لێ دەخوازێ کە ملهوڕێتی و پەرستی برانی تری
بۆ نەدۆزێتەوە. پێویستە بێ بە نموونەیەکی باش بۆ براچکۆلە
کانی خۆی. چونکە ئەو لەوان، بەتەمەن، گەورەترە. دایکی کە
وازی لێ نا هێنێ، هەر هەڵەیەکی بچووک بکات، هەر کەموکووڕییە
کی بۆ و بوو چیشتی لێ ڕوو بدات، دەمودەست سەرزەنشتی
دەکات و سزایشی دەدات!.. لەناکاو منداڵێکی تریش لە دایک
بوو و هاتە ناو خێزانەکەوە.. منداڵەکە کچێکی ساوا بوو ناوی «فرانسین»
ی ناو دار بوو.. کاتێک ئەزا، هەر ڕووخۆشییەک و هەر
کارێ سەندییەک هەبوو ڕووی کردە ئەم کچە ساوایە.
هەرچی ئەو دەخوا.. ئەمە ڕاستە کە «فرانسین»

institut kurde de paris

١

كچێكی جوان بوو. بێ گومان براگەورەكەشی، «مارسێل»
زۆری خۆش دەویست. ئەویش بە پێویستی دەزانی كە ئەبێ
خۆی بەتەنگییەوە بێ.. جا لەبەر ئەوەی كە لە تەمەن دا گەورە بوو
هەموو جارێكە هەندێ كار و فەرمانی خێزانی بەسەر دا
دەدرا، كە بیانكات.. ئەم بارەیش بووبوو بە هۆی ئەوەی
كە بەش براو بێبەشەوە لە یاری كردن لەگەڵ هاوڕێ
كانیا!.. باوك و دایكیان ئەوەیان لە بیر نەمابوو، كە
«مارسێل» هێشتا لە تەمەنی پانزە ساڵان دا بوو.. دایكە
[illegible] ئەوەی لەبیر چووبووەوە كە پێویستی بە پشانێ
كە خەمێكی ئەویش بخوات و بەتەنگی دڵخۆشی و چاكی
ئەوەشەوە بێ. وەلێ ئەوەی لە كاتی نووستن دا بخاتە
نا و پێخەفەكەیەوە، یاخود كون و دڕاوی هەندێ
گۆرەوی و جل و بەرگەكانی بۆ بچنێتەوە..!
جا ئەم كەمتەرخەمییەی كە باوك و دایكە لەگەڵ «مارسێل»
دا یان نواند، بووە هۆی ئەوەی كە [مارسێل] یش
هەندێ كار و كردەوەی ناهەمواری لێ ڕوو بدات.
لەوەپێوە، كاتێ كە هاتە سەر خوانی نان خواردن،
وا هاتە پێش چاو، كە بیر و هۆشی بەم لا و بەولادا
دەچێت، كە مێشكی سەرلێ لە پەژارە و ئاوات و

institut kurde de paris

ئەندێشە. هەوێری ناو گوڵەزەکەی لەناو چنگی خۆیدا
دەگلۆفتەوە، دەیکردن بە حەرەکەی بچووک. هەندێ
جار لە تۆڵی لێیان دەکرد. هەندێ جاریش لە هەماتە
شێوەی بچکۆلەکانیان دەکرد.. جارێ واشی هەبوو دەیکردن
بە هەندێ پارچەی منداڵانەی تر!.. وانا دەیکردن
بەو پارێ پانەی لەلایان بەش پڕاو بووبوو کە بچێی
خۆشی بوو دەستی بەرێت و بیهێڵن بیانهات!..
سێوارە بەکیان و ئاڕێک گرووت کە «مارسیل» هەر
لە خۆیەوە چاوی بە پارچە خشتی منداڵانەی بچووک کەوت
لەژێر سەرپۆشی مێزی نان خواردنەکەدا کە وشتووە خشتە
شیخ [illegible] بوو. ناوی خۆشە [illegible] هەرە بچکۆلەکەی
خۆی لەسەر نەخشی کرابوو، ناوی «فلانسین»ی
نازە منداڵی نازدار.. «مارسیل» لێی [illegible] کەی
هەڵگرت و خستیە گیرفانیەوە بێ ئەوەی خۆشی
بزانێ کە ئەوە بۆچ دەکات!. کاتێکی زانی
دایکە ئەگەڕێ بە دوای ئەو خشتە بچکۆلەیەدا کە
هی «فرانسین»ی کچە هەرە بچکۆلەکەی بوو، کچە نازدارەکەی..
بەڵام هەر چەندیکی کرد بۆی نەدۆزرایەوە.. دایکە کە
زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کە ئەو پارچە خشتە بچکۆلەیە

بۆ ((فرانسین)) ی کچی نازدارەکەی خۆی بدۆزێتەوە.. چونکە
ئەو پارچە خشڵە هەرچەندە بە نرخ زۆر هەرزان بوو،
بەڵام بەلایەوە زۆر بایەخدار بوو، لەبەرئەوەی کە یەکەم
دیاری بەیەک بوونیشیان بە کچی ساواکەی کرابوو.. ئینجا کە
دایکەکە دەستی شت لە دۆزینەوەی پارچە خشڵەکە
لەدا خانا دەستی کرد بە تووڕە و ترۆلی. قاوو قیژەکەی
ئەوەندە گەورە بوو هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نە ئەگونجا
کە بۆ شتێکی وون بووی وا بێ نرخ و بایەخ شتێکی وا پڕوو بوو
بکرێ!..
جالێرەدا دڵیان لە ((مارسێل)) پیس کرد.. دەستیان
کرد بە چەندوچوون کردن لەگەڵیا بەڵام ئەوە هەر ئینکار
ئیشیان لێ کرد.. بەڵام [مارسێل] ترسا لە
وەی ڕاستی بڵێ.. ئەیگوت نازانم لەکوێیە.. هەرچەند
پێکیشی ئەوان توندتر چەندوچوونیان لەگەڵ دائەکرد
ئەو زۆرتر بەرپەرچی ئەدایەوە کە هیچ ئاگایەکی لەو پارچە
خشڵە نیە!.. لە ڕۆژی دوایی دا، [مارسێل] بۆ
ئەوەی کە باری تاوانباری خۆی لە پێشی دەمی خۆی دا
سووک بکات، خۆی لەبەردەمی خۆی دا دزینێکی
لە خۆی ئاشکرا کرد.. یاریەکی وای لەگەڵ منداڵەکانی

institut kurde de paris

هاوڕێی دا [illegible] کرد، کە هەموویان بخاتە جوولەوە..
یارییەکەش ناوی (( گەنجینەی دزراو )) بوو.
ئەو خۆی، چ منداڵەکانی تر ئەوەندە بەو یارییەوە خۆشی
خۆشییان لێ گەیشتبوو، خۆیان لەبیر چووبووەوە.. لەبەر
ئەوە [ ماریسێل ] لەکاتی خۆی دا نەگەڕایەوە ماڵەوە،
دواکەوت..
ئاخۆ [ ماریسێل ]، لەگەڵ هاوڕێکانی دا یاریی [ گەنجینەی
دزراو ]ی یاری ئەکرد، بە چی ئەو یارییەی دەکرد ؟..
لەڕاستی دا بەو پارچە مشەمەنە یاریی ئەکرد کە هی
خوشکە هەرە بچکۆلەکەی بوو (( جوانسین ))، کە شوورە
کەی پێشوو هەم لێگرتبوو و شتبوویە گیرفانەکەوە، ئێ
ئەمەی خۆشی هۆی ئەوە بزانێ کە لۆچی ئەوەی کرد !؟

[ وێنەی چوارەم ]

(( مارگریت )) کچێکی تەنیایە، لە تەمەنی دە ساڵی دایە. باوکی کەی تووشی
نەخۆشییەکی گران بووبوو، کە پێویست بوو دایکەکەی بە درێژایی ئەو
ماوەیەی کە نەخۆش بوو لە گەڵیا بمێنێتەوە و ئاگای لێی بێ
یا ڕێگا چارەیشی بکات.. بێجگە لەمە ئەرکی ماڵەکەشی بەسەر
شانەوە بوو، کە بە جیا گران بوو.. جا ئەم بارە ناهەموارە :

کە «مارگرێت» لێی کەوتبوو، بە هۆی نەخۆشییە گرانەکەی
باوکییەوە، ئەگەرچی ڕێک ماڵی دا بکێشێ بە کارە پەرستاری نەخۆشییە
کەی باوکییەوە، بۆیە لە هۆی ئەوەی کە لە خۆشییەکانی ژیانی
بێبەش بووە، پەڕەی منداڵانە لێ بڕیش بمێنێتەوە. [مارگرێت]ی
منداڵیشی بەوە زۆرتر دڵتەنگ دەبوو، کە لە دەمی دووی خەزانی
کەوە دەبینیەوە، کە ماڵی باوکی لە تەنگانەیەکی گەورەدایە
بە دەست کورتییەوە.. لەبەر ئەوە هەرچەندی
لێی دەکرا، تێ دەکۆشا بۆ ئەمەی دڵی دایکی بداتەوە و خەمی
ئەمی لە دڵ ببەوە بیبێتەوە.. هەروەها لە هەموولایەکیشەوە
لە ئەوە تێ دەکۆشا کە ڕووی دایکی وەربگێڕێتە بۆلای خۆی.
بەلام هەرچەندیکی کرد ئەوەی لێ نەبووە سەر!. بۆیە
ویستی بە هۆی ئەو پلە ناوازانەوە کە لە هەندێ وانادا وەری
گرتبوو لە خوێندنگاەدا سەرنجی دایکی ڕابکێشێ بۆ خۆی. مارگرێت
لە هەندێ وانادا بە بێکەم دەرچووبوو. کەچی دایکی بایەخێکی پێ
نەدا. مارگرێت لە وانایە کیشدا هیچی وەرنەگرتبوو. کەچی دایکی
بە وەشی نەچوولا. هەرچەند [مارگرێت] قسەیەکی
بکردایە، لێی وەڕس دەبوون و لێ لەبۆلیان لە دەست دەکرد..
لەبە سەرزمانەکە، تەنانەت ئەوەی لێ باشتر بوو کە سزا بدرێ
و سەرزەنشتیش بکرێ، نەوەک لەم جۆرە ناوچەیەدا

institut kurde de paris

بزی ، کە پڕی بوو لە بێ دەنگ و سەنگی و خەم و خەفەت ، ئەگەر
بە هیچی دەزانێ ، نەکەس ڕووی لێ دەدا !.. چونکە [ئەگەر وانەبوایە] هەر هیچی نەبێ
بە شتێک دادەنرا و هەست بە بوونیشی دەکرا !..
پۆرتێلیان وتڕای هەندێ پارە لە دایکی بدزێ . بۆ ئەمەی هەندێ
شیرینی پێ بکڕێ . چونکە هەرچەند ئەو ~~نوقولانەی~~ ئەشخستە
دەمیەوە و دەیمژین هەندێ لە بێزاری و وەڕس بوونەکەی کەم
دەبووەوە . بەڵام پۆرتی دوایی ، لێ باکی پەکەی پەروەسەند ،
ئەمجارە وتڕای کۆمەڵە پارەیەکی گەورەتر لە دایکی بدزێ ، کەتوانی
بەو پارەیە پێنووسێکی مەرەکەبی ووشکی پێ بکڕێ . مارگریت
خەمی ئەوەی بوو کە ئەو پێنووسە لە هەموولەش بشارێتەوە ، تاکەس
بە دزێتی یەکەی نەزانێ .. کەچی لە پاش ئەوەی پێنووسەکەی دەرهێنا
چرۆ لێنایەوە بۆ هەڵبەست : گوتی : « دارلیل » ئێ نووسیە خوشکم
بە دیاری پێشکەشی کردووم !..
جا ئەم پێنووسە کە ئەم هەموو ڕەنج و ئەرکەی بۆلێشتا دەستی
کەوت ، ئاخۆ [ مارگریت ] چی لێ کرد بێ ؟!. مارگریت
پێنووسەکەی پێشکەشی دایکی کرد !!... ئاخۆ ئەم چۆن لێک بدەینەوە
لێکدانەوەی ئەمە ئەوەیە کە ئەم کچە بچکۆلەیە هەرچییەکی لە دەست
هات کردی هەر بۆ ئەمەی دڵی دایک و باوکی خۆی کێشێتە لای
بۆ خۆی . بە تایبەتی دڵی دایکی ، لە پاش ئەوەی ئەم [هەموو] تەرخەمی یەی

institut kurde de paris

که له‌گه‌ڵیا بیسبێ لێ بووە!.. ڕه‌نگه ڕاسترین پیشاندانی ئه‌م
جۆره دزی یانه ئه‌وه بێت، که دزێتی یه‌ک بوون "ده‌ستکراوه‌یی"
یان تیا دیار بوو!.. ئه‌م جۆره دزی یانه‌یش که‌م ڕوو ئه‌ده‌ن.
هۆی ڕوودانیشیان بۆ ئه‌وه‌ی دزێتی یه‌که خۆی نیه. له‌ڕاستی دا
بریتی یه له ئاره‌زووی نواندنی منداڵه‌که بۆ ئه‌وه‌ی ڕووی بیرێتی و
خه‌می بچووکی. ئه‌وه‌یش کاتێک ئه‌کات که‌بزانێ له‌خۆشه‌ویستی ی
باوک و دایکه‌که‌ی و به ته‌نگه‌وه هاتنیان لێ بێ به‌ش ماوه‌ته‌وه

## [ وێنه‌ی پێنجه‌م ]

«جۆزێف» منداڵێکی نموونه‌یی یه. هه‌موو ده‌م له ناو ده‌سته‌که‌ی
خۆی دا سه‌رده‌سته‌یه. ته‌مه‌نی دوانزده سالان دایه.
له‌به‌رئه‌وه بچووکترین شاگرده له ژووره‌که‌ی خوێندا.
ئه‌وبێجگه له‌وه، هه‌موو ده‌م، له تێکۆشاندایه، له‌وانه‌کانی خۆی دا.
ته‌نانه‌ت هه‌موو که‌سێک چاوی به باوک و دایکی هه‌ڵئه‌هێنا
که منداڵی وای هه‌بوو!. دیاره کوڕێکیش ئه‌وه‌نده زیره‌ک و
سه‌رکه‌وتووبێ، هه‌موو ده‌م له‌لای باوک و دایکی خۆی
نازدار و خۆشه‌ویست ئه‌بێ. چونکه زیره‌کی یه‌کی وه‌هایی
هاوتا، ناتێ که‌م ته‌رخه‌می ی له‌گه‌ڵدا بکرێ. به‌م ڕه‌نگه باوک و
دایکه‌که‌ی، تێ ئه‌کۆشان، یالێ پێوه بنێن بۆ پێشه‌وه.

Institut kurde de paris

هەر ڕۆژە لێ ڕەوی یەکی تایبەتی خۆی هەبوو. تەنانەت ڕۆژە
کانی لەشووی خوێندنگاکانیش، هەر یەکە، لێ ڕەوی یەکی تایبەتی
خۆیان هەبوو!.. تەنانەت کوڕەکە وای لێ هاتبوو، سەربەستی ی
ئەوەندە لۆ ندابووەوە کە کاتێك لەو کاتانە بە ئارەزووی
خۆی بچووڵێتەوە !.. چونکە لە ڕۆژەکانی لەشوودا ئەمەی
لە سەر بوو : لە هەندێ وەرزشی تەندروستانە بکات،
کە لە سەر دەستی مامۆستاکانی تایبەتی دا، مەلەکردن فێر بێ، پاش
ئەوە وێنە کێشانیش فێر بێ !.. کاتێکی بەشێکیشی لەو
کاتانە بۆ بایەوە تا بە فێر بوونی ساز و ئاوازەوە بڕابوێرێ !..
هەرچەندە باوك و دایکەکەی دەوڵەمەند بوون، بەڵام هەرچی
یەکیان لە دەست دەهات دەیانکرد، لۆ ئەمەی لە هەموو ڕوویەکی
فێر بوون و کردەوەو چاکی یەوە بەشی هەرە گەورەی خێك کەوێ..
بە کورتی ئەیان دە هێشت «جوڵێف» تاوێك بە ئازادی بحەسێتەوە
و بە ئارەزووی خۆی ڕابوێرێ. وای لێ هاتبوو گوێ ڕادێری بە
کارێکی سەرو شتی دادەنا. هەر لە خۆیەوە چی پێ بگوترایە دەیکرد.
هۆی ئەوەش ئەمە بوو کە باوك و دایکەکەی بە جگار بە تەنگیەوە
بوون، بە جگار خەمیان دەخوارد !..
ئێ باشە ئەوە چی ڕووی دا ؟!. ئەوەی ڕووی دا ئەمە بوو کە لە
ئەنجامی ئەو دەست بە سەرا گرتنە زۆرەوە کە هەرگیز بڕێندەوەی بۆ

institutkurde de paris

سوروشتی مرۆڤایەتی یەکەی «جۆزێف» لەوەبەولاوە بەرگەی نەگرت. چونکە «جۆزێف» هەستی بەخۆی کرد، کێشانەیەکی هەیە، ڕێزی لێ دەگیرێ. بەکوڕێکی ناوازەیش دادەنرێ. ئەولەو منداڵانی تر ناکات، کە لە بارستایی خۆی کەمتری دێنە پێش چاو. کە فرانە مانی و دەست خۆی بۆ نەخات، کە کەسانی تر نەتوانن دەستیان بکەوێ؟!.. بۆ وێنە، کە ئەو بەکوڕێکی ناوازە و سەرکەوتوو دابنرێ، ئەم هیچی تیا نییە کە هەندێ میوە بدزێ لە باخی دراوسێکانی!.. یاخود بەدزییەوە هەندێ پارە هەڵبگرێ و شیرینیات بۆ خۆی!.. بەم پێیە نەک [جۆزێف] لە دزینی میوەوە دەستی پێکرد لە باخی دراوسێکانی ئەم کارەی لێ خۆش بوو: یەکەم: لەبەر ئەوەی کە خۆشییەکی لێ دەبینیت. دووەم: لەبەر ئەوەی کە لە وێنەی پڕ کار و فرمانی و بێزارییەوە هێنایە دەرەوە بۆ شوێنێکی تر. سێیەمیش: لەبەر ئەوەی کە جەربەزەیی و خۆشەویستە ناوترێکو جگەوە بۆتەمەنی ئەو بەکردەوەیەکی خۆش دادەنرێ. جا ئەم هەموو بابەتانە کە تا ئەمساکە لایان لێ بێش مابووە کە مانی هەبوو ئەویشی وەک هەموو هاوڕێکانی خۆی خۆشییان لێ وەربگرێ، بەڵام پێویە ناکا بەرەو بەرەو کاری گەورەتر بکات. کە ئەویش «دزینی» یەکی ئاشکرا بوو.. چونکە لە پڕ پاسکەی پارەی

institut kurde de paris

دایکی هەندێ پارەی دزی ، کۆمەڵێک پوولی پۆستەی لێ
کڕی ، کە تائێستاکە بە ئاواتێوە بوو دەستی بکەوێ .
جا چونکە بە پۆستی ئەزانی نەیانخاتە بەرچاو ، هەموویانی دانا
لەناو پەڕاوێکی پوول کۆکردنەوەدا و دایینا لەناو پەڕاوەکانی
سالی ڕابوردوودا !..
ئاخۆ ئەم دادپەروەریی تیابوو کە « جۆزێف » لە هێنانە
دیی ئەو ئاواتەی بەدەست بکرێ ، لە ئەولیش هەندێ
پوولی پۆستە کۆ ئەکاتەوە بۆ خۆی ؟!.. ئەو ڕێگایەی کە
باوک و دایکەکەی لەگەڵ « جۆزێف »دا گرتوویانە ، کە
هەموو ڕەنج و تێکۆشانێکی خۆی بخاتە سەر وانەکانی خۆی
هەرلەبەر ئەوەی کە کوڕێکی سەرکەوتووە ، وای لێ کردبوون
کە ئەوە بە کات بە فیڕۆ دان دابنێن ، کە کوڕەکەیان
پوولی پۆستە کۆ ئەکاتەوە و خۆی پێیانەوە خەریک
ئەکات . ئەمە لەلایەکەوە . لەلایەکی تریشەوە دەس
تەنگیی باوک و دایکەکەی لە ئەندازەیەک دابوو ، کە ئەوەیان
لێ باشتر بوو پارەی ئەو کۆمەڵە پوولانە بدرێ بە نووسراوێکی
بەکەڵک لۆئەوە ، یا خود بۆ خوێندنی تایبەتی پەخت
بکرێ !.. جا کاتێ کە « جۆزێف » کۆمەڵە پوولەکەی
خۆی کڕی ، لە دڵی خۆیدا ئەیگوت : « ئەگەر باوکم

Institut kurde de paris

«بێزانیایە من کاتەکەی خۆم لە شتێکی تردا بەخت دەکەم ،
کە دوورە لە واناکانەوە ، ئاخۆ چی ی دەکرد ؟!...» .
بە واتایەکی تر ئەوڵەوە نەدەترسا کە باوکی بە دزیتی پێکری
بزانێ . لەوە دەترسا کە باوکی بەوە بزانێ کە خەریکی شتێکی ترە ،
کە دوورە لە واناکانیەوە . کە باوکی کەمتر ڕێزی لێ بگرێ ،
کەمتر کاروکردەوەکانی پەسند بکات ، کەمتر بە دڵیا بچێ .
خۆشی ئەوەی دەزانی ڕێزگرتنەکەی لەلایەن باوکیەوە ،
و پەسندکردنی کاروکردەوەکانی لەلایەن ئەوەوە ، هەر
لەوەوە پەیدابوون کە لە خوێندنگاوەدا پێش هاوڕێکانی
خۆی دەکەوێ !؟...

بەڕاستی ئەمەش چ ی داخە ، لەم ڕۆژەدا باوکی و
دایکی کەی «جۆزێف» ڕازی دەبن لەوەی ئەو کومەلە
پوولی پۆستەیەیان بۆ دەرکەوێ ، ئەو ترسانەی
کە بە دڵی «جۆزێف» دا دەهاتن ، هەر لەخۆیانەوە
دێنە دی !.

## [ وێنەی شەشەم ]

«جان» کوڕێکی هەشت ساڵانە . کە تەمەنی گەیشتبووە
دوو ساڵان ، دایکی لە دەست چووبوو . باوکیشی

institut kurde de paris

باوەژنێک !

ژنێکی هێنا، خوێندی باڵا بوو بۆ ! لەئەندازە بە
دەر چاودێڕی «جان»ی دەکرد، بەتەنگیەوە بوو،
لەگەڵ ئەمەیشدا خۆی لێ دەدا بە کوتایی
خەمخۆری دەکرد. هەروەها لە ئەندازە بە دەر پێش
سەرزەنشتی دەکرد!
ئەوەیشی سەرزەنشت بەو بوو کە ژنەکە دەیویست «جان» لە
هەموو ڕوویەکەوە تەواو دەربچێ.. جا لەبەر ئەوە
هەموو دەم بۆڵە بۆڵی لە دەست دەکرد. چونکە زۆر جاری
وا هەبوو ئاواتی ئەوانی نەدەهێنایە دی: دەیگوت: لە کار و
فرمانیا کەمتەرخەمە، کاتێک لێ تۆزە سەرزەنشتێکیشی
بکرێ وەک شاخ ئاگرینە بەگڕ دێ و کەسە دادەچێ!..
بێجگە لەوە درۆزنیشە، ئەمەندە دەیدزێ کات لە ژمارە
نایەت!.. ئەوەندە هەیە «جان» ڕوویەکی تری ڕەوشتی و
ڕێگای پێگەیشتنی و ئاگاداری لە کاروبارمان بۆ دەرخات
بەوەی باش بوو ژنەکەی باوکی هیچ ئەم ڕووەی بۆ دەر
نەکەوتبوو. ئەڵێنا سەرگەردان و پەرێشان دەبوو!.. ئەوەیش
ئەوە بوو کە بە ئاواتەوە بوو ئەویش چاوەیەکی زۆڵانی تایبەتی
خۆی هەبێ، هەرچییەکی هەیە تیادابێ، کە لەخۆی بەولاوە
کەسی تر سەری یان نەکات!.. چاوەکەیشی بە جۆرێکی وابێ
کە نە باوەژنەکەی، نە کەسی تر ماڵی ئەوەی نەبێ کە بزانێ

institut kurde de paris

چی تیایە. هاوڕێکانی بەشی ناوەوەی خوێندنگا هەرکە،
هەریەکە چاوە دۆلابێکی هەیە بە کلیل و کلۆمێکی بچووک
دادەخات .. بەڵام ئەو لەم جۆرە چاوە دۆلابە لێ بەش
ماوەتەوە .. هۆی ئەوەشی ئەوەیە کە لە شاگردانی بەشی ناوەوە
نیە !..

ڕۆژێکیان «جان» بە هەلخڵانی، لێ ئەمەی داوەستی کەی بەڕۆشتی
لە ژووری خوێندن لە ئاگای لێ بێ کلیلی کلۆم بچکۆلەکەی
لێ دزی .. چەند کاتێکی تێپەڕ لێ چوو، توانی کلۆمەکە خۆشی
بدزێ !.. پاش ئەوە «جان» بە تەنگ ئەوەوە بوو
کە باوەڕنەکەی چاوی بەو «کەچی»ە نەکەوێ !.. کاتێ کە
شەو داهات کلیل و کلۆمەکەی خستە ژێر سەرینەکەی خۆیەوە.
بەدڵێکی لێ خەمەوە نوست، هەر بیری لە چاوە دۆلابە شێنیە
چاو بەستەکە [illegible] کردەوە !.. کاتێ کە بەیانی هات و لە خەو
ڕاپەڕی کلیل و کلۆمەکەی لە ژێر سەرینەکەی هێنایە دەرەوە
و دەستی کرد بە کردنەوە و داخستنی کلۆمەکە، لێ ئەمەی
لێ وەڕس یا خود ماندوو بێ .. جا لەوەدا باوەڕنەکەی
چاوی لێ کەوت. لێی پرسی: «کێ ئەم کلیل و کلۆمەی
داوێتێ ؟!..» .. ئەویش گوتی: «دیوونی هاوڕێیەتم !..»
باوەڕنەکەی زۆر بە تەنگ ئەوەوە بوو کە «جان»

institut kurde de paris

پەروەشت و کردەوەی جوان و دوروست بێ. لەبەر ئەوە دەمو دەست لێی گوت: «من چەندم لێ گوتیت خۆت لە دیاری ی کەسانی تر بپارێزیت. کە دیارییەکە هەرچەند ئێکیشی کەم نرخ بێ لە کەسی وەرنەگریت!.. هەرچی ئەم کلیل و کلۆمەیە هی «دیسوون» نیە، هی باوک و دایکتە، کە بۆیان کڕیوە و لە گیرفانی خۆیان نرخەکەیان داوە.. کەواتە پێویستە هەر ئێستا ئەو کلیل و کلۆمەی بدەیتەوە.. تێگەیشتیت!؟».

بەڵام «جان» نەیویست کلیل و کلۆمەکە بداتەوە بە خاوەنەکەی. چونکە ئەو لای دزیبوون. جگە لەوە باوکی «دیسوون» کە زانیبووی کلیل و کلۆمەکەی لێ دزراوە، کلیل و کلۆمێکی تری بۆ کڕیبوو. کەواتە دەبێ «جان» چی بکات، تا خۆی لەم هەموو گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمانە ڕزگار بکات؟!. هەرچەندی کرد لە ڕێگایەک ئەولاوە نەیدۆزییەوە، بۆ ئەوەی لەم تەنگو چەڵەمانە خۆی ڕزگار بکات. ئەوێش ئەوە بوو کە کلیل و کلۆمە نازدارەکەی فڕێ بداتە ناو ماڵی خوێندنگاکەوە. کاتێکیش کە ئەوەی کرد، یەکێک لە منداڵەکان چاوی پێ کەوت، دەمودەست فیڕاندی گوتی: «ئەوە کلیل و کلۆمەکەی منە!..».. پاشان بازدی دایە سەر کلیل و کلۆمەکە و هەڵیگرت و خستیە گیرفانییەوە!..

institut kurde de paris

ئیتر «جان» هەستی کرد بە جۆرە ئاسوودەییەک لە
دڵ و دەروونی دا . ئارامی لێ گەڕێت . چونکە وای بۆ دەر
کەوت کە هەر ئەوونیە دزی لێ هات . منداڵانی تریش هەن کە
بەم شێوە ئەو دزی دەکەن !.. کە کردەوەی ئەو دەلوێن!
چونکە ئەو دەزانن کە خاوەنی کلیل و کلۆمکە ئەو منداڵە
دز و درۆزنە نین، «دلیوون»ی هاوڕێیەتی !..
«جان» گەورە بوو، بوو بە پیاو . ئەم چیرۆکەی خۆی
گێڕایەوە کە لە تەمەنی هەشت ساڵی دا لێی ڕوودابوو .
پاشان گوتی : «هەرچی بیری ئەوەم دەکەوێتەوە
کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو «دزی»یەم کردووە، شەرم
دەگرێ لە خۆم، خۆشم پێ لێ دەکەم !...»...
ئیتر یەکەم جار و دواهەمین جاری دزییەکەی «جان» ،
هەر ئەوە بوو، لە هەموو ژیانی دا !.
ئەوەبوو پێش لەسەرەتای چیرۆکەکەی دا گوتمان : باش بوو باوەڕنە
کەی «جان» لە کەنیزە و بەنیزەی دزییەکەی «جان» ئەگادار نەبوو!.
بۆچی ؟!. چونکە «جان» کە بوو بە پیاو، دەیگوت : ئەگەر
بزانایە باوەڕ ئەکەم بە و کەنیزە و بە نیزەی بزانیایە،
ئەوە ئەوە سزای دەدام و سەرزەنشتی دەکردم لە ئەندازە
دەچوو.. ئەگەر [illegible] واتە لە من تکردایە، لە داخانا

institut kurde de paris

دەستم دەکردەوە بە دزی کردن !.. ئەمیش خاڵانەی
ئەوە بوو کە هەرچەند ڕووی لە سوڵتاندایە و پیاهەڵ لەشاخایە
بە ناوانی درۆ و کەم تەرخەمیش بەدناوی بکردایە ،
لە قینی ئەو دەستی دەکردەوە بە درۆکردن و کەم
تەرخەمی لە خوێندنەکەی دا !.. ئەمیش سەبارەت
بەوەیە کە منداڵ هەرچییەکی لێ بگوترێ ، بە ڕاستی دەزانێ .
ئێمە هەر ناوبانگێکی پێ دەر بکەین ، ئەولە و شێوەیەدا
خۆی « دادەڕێژێ » ، هەرگیز لەوەش سامناکتر
نییە ، کە ئێمە هەڵەکانی ئەو بەڵێ پێش دا لە هەڵمێک
دەکەن و زۆری لێ ناچێ لە ناو دەچن ، ئەمەندەم گەورەیان
بکەین و ئەمەندە حەقیقیان لە ... بکەین ، بیانگۆڕین
و بیانکەین بە بابەتێکی ڕەق و تەق ، کە بەهەشتی بەردیان
لێ بێت و هیچ شتێک کاریان لێ نەکات !..

## لەم کارەساتانەوە چی لێ دەکەین ؟!

زانای گەورە « پاسکال » ووتەیەکی بەناوبانگی هەیە .
ئەویش ئەمەتا : کە « دڵ بیانووی وای هەیە ، هۆش
دانی پیا نانێ »... دڵی منداڵیش پڕە لە بیانووی هۆی شاراوە
کە ئێمە پێمان لێی دەگەین ، بەگرانیش دەتوانین دەری بکەین

بەلام ئەم هۆیانە هەمووەم دوورو وستن. کاتێ کە باوکە
کاسبی کورەکەی خۆیان دەبینن دزیی کردووە، پۆلیسە
لەپێشی هەموو شتێکا، ڕەنج بوەن وتێ بکۆشن بۆ ئەوەی
کە بێنە و بەبێنە کە لەڕوویەکی ڕاستییەوە تێ بگەن. جارێ
ئەو بیروباوەڕانەیش بخەنەلاوە، کە هەموان لەسەری ڕێک
کەوتوون لەبابەت دزێتی و دزانەوە. چونکە ئەم بیروباوەڕانە
بۆ گەورەو منالی دانراون، بۆ ئەم جۆرە منالانە
دانەنراون..

هەر باریکیشی ڕووی دا پۆلیسە بە جیاوازی لێی
بکۆلرێتەوە.. چونکە منالانی وا هەن، دزێتی بۆیە دەکەن
کە تووشی نەخۆشییەکی خراپ بوون، جیاوازیی دەکەن، کە دوور
نیە لەناو خێزانەکەی خۆیاندا بێ.. هەروەها دزێتی لەناو
هەندێ منالانی تردا لەوەوە ڕوودەدات لە هۆیەکی
نەخۆشییان تیایە. ئەمیش زۆر کەم ڕوودەدات.
ئەوانیش کە بۆ نەخۆشخانە هێنامانەوە، هیچ لەگەڵ ئەو منالانەدا
جیاوازییان نیە کە ئەو هەڵانەیان نەکردووە. چونکە نە
نەخۆشییەکی دەروونییان تووش بووە، نە نەخۆشییەکی
خێزانیشیان لەسەر جیاوازبووە.. لەڕاستیدا ئەوانە ئەو
منالانەن کە لە ڕێ و شوێنێکی گران وەخت دا گەورە بوون.

institut kurde de paris

ئەو دزێتی یەیش کە کردوویانە هەر لۆیەوە بووە کە دەردی
دڵی خۆیان سارێژ بکەن و ئارامیەکیشی بە دەروونی خۆیان
بدەن، لەناو ئەو تەنگ و چەڵەمەیەی کە تیادا ژیاون !..

## هەست بە گوناه کردنی منداڵان !

لێرەدا پێویستە ئەوە پیشان بدەین کە ئەگەر منداڵێک دزی
کرد، ئەوە باش ئەزانێ کە کردەوەکەی نەنگە و ناپەسەندە
و ئەنجامیشی بە هەژار [illegible].. بەڵام ئەو هەموو دەم ناوێرێ
ئەوە یە کە ئەو شتەی دەست بکەوێ کە پێی لێ و لێی
بەش بڕاو بووە !.. تەنانەت زۆر جاری وایش هەیە کە هەست
بە گوناهەکەی خۆی دەکات. ئەو هەستەی خۆیشی لە شێوەی
شین و گریان دا دەردەبڕێ. ئەمیش سەبارەت بەوەیە
کە هەست کردنی منداڵ بە گوناهی خۆی تابڵێی گەورە و گرنگە !..
هەروەها پێویستە ئەوەیش بزانین کە سورشتی ئەو شتەی
کە دزراوە گرنگی ی خۆی هەیە. چونکە دەرهێنانی هەندێ
خواردەمەنی ی شیرین لە جیاوە دولابێکی ژووری نان
خواردن، چونکە هەر ئەوەمان لێ بگەیێنێ کە منداڵەکە
لە شیرینی خواردن دا بە هەژار چلێسە. بەڵام پێویستە
لە سەرمان، لەوە زۆر بکۆڵینەوە کە ئایا دزێتی یە کە

institut kurde de paris

جارێکی تر دووبارە کراوەتەوە یان نا: چونکە دووبارە
کردنەوەی دزێتی یە کە لە بابەتانی تر ئاگادارمان دەکات.
چونکە ئەو منداڵەی کە لە یەکەم دزێتیی دا بگیرێت، ئەگەر
جارێکی تر دزیی کردەوە بە چاوێکی تر سەیری ئەو کردەوە
یەی خۆی دەکات. واتا جارێکی تریش گەڕاوەتەوە
سەر دزێتی یەکەی.
زۆر جاری وایش هەیە کە شتە دزراوەکە دەبێتە نیشانە
بۆ هەستێکی دیاری کراوی پەنگ خواردوو لە ناو دەروونی
منداڵەکەدا، کە تیا هاتۆتە هەستی. ئێمە هێشتا ئەو
منداڵەمان لە بەر چاوە کە گلێل و قۆڵەمکەی دزی. هەروەها
ئەو منداڵەیشمان لە بیرە کە دزیی لێبڕاوەکرد، کۆمەڵەیەک
پوولی پۆستەی بۆ بکڕێ.. چونکە دزیی ئەو هەر دوو
منداڵە ئەوە پیشان دەدات کە: «ڕازێک هەیە لای
خۆم دەیشارمەوە و بە هۆی ئەو ڕازەیشەوە دەمەوێ
لە کەسانی تر خۆم جیاوازبم!..» هەروەها ئەو منداڵە
یشمان لە بیرە کە پارەی لە باوکی خۆی دزی، هەر لۆ ئەمەی
تفەنگێک بکڕێ و خۆی بەوە بنوێنێ لە ناو هاوڕێکانی
خۆی دا.. واتای ئەم کردەوە یەشی ئەوە پیشان
دەدات کە: «من دەمەوێ هێزێکم هەبێ. بە هیواشم

institut kurde de paris

«.. که‌سه‌ر که‌وتنێکم ده‌ست بکه‌وێ !..»

هه‌رچی ئه‌و منداڵه‌یشی بوو که‌ پارچه‌ خشڵه‌ هه‌رزانه‌که‌ی له‌ خوشکه‌ بچکۆڵه‌که‌ی خۆی دزی، ئه‌وه‌ی که‌ به‌ناوی دیاری‌یه‌وه‌ پێشکه‌شی کرابوو، به‌لای منداڵه‌ دزه‌که‌وه‌ واتای ئه‌وه‌یه‌ که‌ : « ئه‌مه‌تا به‌شی من له‌و خۆشه‌ویستی‌یه‌ی که‌ له‌ دڵتایه‌ بۆ مبه‌، خوشکه‌ ساواکه‌م، که‌ تازه‌ له‌ دایک بووه‌ !!».

## که‌واته‌ چاره‌مان چیه‌ ؟

هه‌رده‌مێ که‌وتینه‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی به‌ر له‌ چاره‌کردن بکه‌ینه‌وه‌ پێویسته‌ که‌ بیبه‌ و به‌بیبه‌کان ئه‌و منداڵه‌ گه‌وره‌ نه‌که‌ین. وایش هه‌ڵنه‌گری که‌ له‌ شێوه‌یه‌کی لێ ده‌نگ و بێ‌ته‌نگ و سه‌نگی دا به‌ر له‌و چاره‌کردنه‌ بکه‌ینه‌وه‌.. چونکه‌ ئه‌وه‌ ئاشکرایه‌ که‌ ئه‌گه‌ر بێته‌ ئاخێ ده‌روونی منداڵه‌که‌وه‌ و [illegible] ناوه‌وه‌ی ده‌ر نه‌چێین.. چونکه‌ ئه‌و خۆشی له‌وانه‌یه‌ که‌ بتوانێ هۆیه‌ راسته‌-قینه‌کانی کرداره‌کانی خۆی ده‌رنجات !.. که‌واته‌ ئێمه‌ش پێویسته‌ واکه‌ین. که‌ به‌ جۆرێکی تایبه‌تی ئه‌و هۆیانه‌ی لێ نه‌کۆڵینه‌وه‌. جائه‌گه‌ر هۆمان بۆمان ئاشکرا له‌و هۆیانه‌ بکۆڵینه‌وه‌ و بیاینزانین، یا خود له‌ به‌راوورد کردن دا ده‌ریان بخه‌ین باشم به‌ته‌نگه‌وه‌ بین که‌ له‌و بابه‌تانه‌وه‌ له‌گه‌ڵ منداڵه‌که‌ نه‌دوێین

institut kurde de paris

چونکە ئەگەر ئەو چەند وچوونەمان لەگەڵ منداڵەکەدا کرد
لە ئەنجامدا بە دەر دڵی دەشکێنین و دەروونی ئازار
دەدەین .. ئەمەش مەترسی یەکی گەورەی تیا هەیە ..
هەر وەها لەبەر ئەم دڵناسکی یە زۆرەشی لێ، کە
دەست حەز کاری پەروەردە کەرەکان لەم ڕەدووە
کەڵکێکی نیە. تەنانەت زۆر جاری وایش هەیە کە
بە پێچەوانەوە ئەنجام دەدات !. ئەمەیش سەبارەت
بەوەیە کە هەر منداڵێ زیرەک بێت، منداڵێکی خاوەن
ئارەزوو و ئاوات بازەبەك و بە پەرۆشە وەیە کە ئەو
شتەی دڵی دەیگرێ و ئاواتی لێ دەخوازێ دەستی بکەوێ.
جا ئەگەر ئەوانەی سەرپەرشتی پەروەردە کردنەکەی دەکەن
دەست بخەنە ناو [illegible] کەمەنکەیەوە، بەتایبەتی
بە جۆرێکی وا کە توورە و تڕۆلی و قسەی ڕەق و کردەوەی
ناشیرینی تیا بەکار بهێنن، بێ گومان ئەم ڕەوشتە یان
پاڵ بە منداڵەکەوە دەنێ بۆ درۆ کردن، ئەویش نەک
هەر جارێك، بەڵکو وای لێ دەکات کە بە درۆزنی یەوە
ڕابێ، کە لە گەلێك جاریشدا بێ بێویست بە درۆ کردن
ناکات. تەنانەت منداڵەکە وا ئیشی لێ دێ، کە
هەڵ و بیانوو دوروست لەکات و بیانووزێتەوە بۆ

institut kurde de paris

خۆی ، بە جۆرێکی وا کە هیچ مێشێک بەبیری دا نەیەت و هیچ
هۆشێکیشی نەیگرێ !.. بۆ و نییە : ڕاستی یەکی ئاشکرا و
دیار ، بەرپەرچ بداتەوە و پێی نییە ، هەروەک بە ڕۆژی
ڕووناک بڵێ ڕۆژ دیار نییە !..

هی وایش هەیە ، هەر لەبەر توانایی بەخشندەیی و
دڵ کراوەیی خۆی دەست بە دزی کردن دەکات .
هەروەک ئەو کچۆلەیەی کە چیرۆکەکەیان گێڕایەوە
و گوتمان پارەی دزی ، هەر بۆ ئەوەی پێنووسێک بکڕێ
بۆ دایکی و بە دیاری پێشکەشی بکات !.. چونکە
ئەو دیاری یەی کە پێشکەشی دایکەی کردووە ، بریتی یە
لە شتنەوەیەکی گوناهی خۆی . ئەمەش بریتی یە لە بیرکردنەوە
یەک کە دەیەوێ کارێکی جوان بکات لە ڕووخۆشی دا ، لەبەلای
خۆیەوە بە باشی دەزانێ .. کەواتە هەر تووڕەیی و تۆڵەیەک
یاخود کردەوەیەکی ناشیرین و ناپەسەند ، لەلایەن باوکە
کانەوە ڕوو بدات بەرامبەر منداڵە دزەکانیان ، لەوانەیە
کە کارەکە خراپتر لێ بکات و منداڵەکانیش بوورووژێنێ
یاخود بیانخاتە ــــــ کەتن کردنی گەورە گەورە ،
کە لەوانە بێ نەچێ بە دڵماندا کە ئەو منداڵانە لە دەستیان هاتبێ
بیانکەن ، یاخود بە چ جۆرێک کردبێتیان !..

institut kurde de paris

بەڵام ئەوکردەوانەی، کە لە کاتی قەوەمانی ئەم جۆرە کارە
ساتانە دا، زۆر جار لە باوکەکانەوە ڕوو دەدەن،
بە کورتی بریتین لەم:

[یەکەم]: باوکەکان کە بەو کەتنانە دەزانن زارەترەک
دەبن.. کە بێ و بێ بنە کە بە جار گەورەیش نادەن... وا
دەزانن کە ئەو کارەساتەی ڕووی داوە، سەرگەردانی یەکی گەورەی
ولێ قەومانێکی ناشیرینە.. وایش دێتە پێش چاویان کە لە
دوا ڕۆژدا کەتنێ نەنگ ترو دڕندانەتری لێ ڕوو دەدات..
جا ئەم قاو و قیژ و دەنگە دەنگە وئەم شتە گەورەکردنە،
تەنانەت ئەم ڕەش بینی یە، هیچیان لێ پەیدا نابێ ئەوە
نەبێ کە زیانێکی زۆر گەورە و پڕ مەترسی ببەخشن
بە منداڵەکە..

[دووەم]: باوکەکان سزای منداڵەکانیان زۆر ئەدەن.
لە ڕاستی دا دەستووری سزادان، لە خۆی دا، خراپ نیە.
چونکە کوڕەکە، خۆیشی، ئەو بڕەی لا پەسەندە کە
سزا بدرێ، بە مەرجێ سزاکە بە قەدی ئەو گوناهەی بێ کە
کردوویەتی. منداڵەکە لەوە بە تەواوەتی تێ ئەگات.
ئەوەندە هەیە دەبێ ئێمە زۆر وریای خۆمان بین
کە باش کێشانەی تاوانەکەی بکەین، کە لە هەموو ڕوویە-

institut kurde de paris

کیشەوە کەتنەکە وسزاکەی، بەووردی هەڵسەنگێنین.
نەوەک منداڵەکە هەست وابکات کە ئێمە بە خۆڕایی سزای
دەدەین، تەنانەت زۆر وستەمیشی لێدەکەین..
ئەگینا ئەگەر وانەکەین، دووبارە ئەو هەست وئارەزووە
لەدڵیا دەبزوێنینەوە کە لەوەپێش هانەیان دابوو بۆ
دزی کردن!..
نموونە: ئەگەر منداڵێک سەد فرەنک بدزێ، ئێمە نابێ ئەو زۆرداری
یەی لێ بکەین کە سەد فرەنکەکەی لە نرخی ئەو دیاری یانە کەم بکەینەوە
کە دەمانەوێ بۆی بکڕین. چونکە ئەم جۆرە سزادانە دڵ ڕەقی ی
تیایە بەرامبەر منداڵەکە، کە زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ی
پێشکەش کردنی ئەو دیاری یانە دەکات. چا هەر سزادانێ
کە پرووی منداڵەکە بشکێنێ، شتی خراپی لێوە ڕوودەدات،
ئەنجامی سزای لێ پەیدا دەبێ. چا ئەگەر زۆر لە منداڵەکە بکەیت
لەبەردەم ئەندامانی خێزانەکەدا لێ لە گوناهی خۆی ببێ، یاخود
ناچاری بکەیت کە بە دەستی خۆی بنووسێت: «من دزم!» و
ئەو پەڕەی لێ بێ نانە بدات دەست ماموستاکەی لەخوێندنگە
دا کە پڕ بەتی لە سەرشۆڕی.. بێگومان ئەگەر تۆ ئەمانە
بکەیت، لەڕاستی دا هەرچی دەستوورێکی ڕاستەقینەی
منداڵ پەروەردەکردن هەیە دەیشکێنیت!..

institut kurde de paris

خۆ ئەگەر لەسەر ئەوەشە وە هەرەشەی لێ بکەیت کە دەیگریتە بە کێلێک لە ماڵە خوێندنگاکان، بێ گومان ئەو هەرەشەیە کاری منداڵەکە خراپتری لێ دەکات، کە بێنەوبەینەکەی زۆرتر دەشێوێنێ..

من تکاتان لێ دەکەم کە جارێکی تریش ئەو وێنە زینیووانە بخوێننەوە کە لەمەوپێش پێشکەشم کردن. هەر بۆ ئەمەی لەوە تێ بگەن کە پێویستی ئەو منداڵە بچووکانەی دزی دەکەن چەند زۆرە بە خۆشەویستی ی خێزان و دڵسۆزی یەکەی.. ئەم جۆرە کردەوە ناپەسەندانەیش کە لەمەوپێش لێیان دوام، لەوانەن لە ئارەزووی منداڵەکە بۆ دەست کەوتنی ئەوشتەی کە بە ئاواتیەوەیە دەستی بکەوێ، بەهێزتر بکەن، کە دڵتەنگی و پەشێوییەکەی زۆرتر لێ بکەن. هەروەها دەمارێشی بزوێنن بۆ بەرەنگاری کردن. لە بەرەنگاری کردنیشی، لێرەدا، مەبەس ئەوەیە کە جارێکی تر «دزی» بکاتەوە..

[ شەشەم ]: بووخۆشی و زەردەخەنە کردن: بە کورتی مەبەس لەمەیش ئەوەیە کە باوکەکان چاو لە هەڵەکانی کورەکانیان بپۆشن. نابێ هەر بەمەندەیش وا نە بهێڵن، چونکە هەندێ جار ئەوەیش بە کەڵکی دزی

Institut kurde de paris

که باوکەکان بە شێوەی دزی کردنەکەی منداڵەکانیان دا هەڵ بدەن.
وەک بە دزەکە بڵێن: «هونەری تواندووە لە دزیتی یەکەی دا»
ئەوسا کە ئیتر منداڵەکە وا دەزانێ دەتوانێ هەموو شتێک بکات..
ئیتر چڵ و بۆ خۆی شل دەکات، تا ئەندازەیەکی وەها کە ئازارە زۆری
ئەوە بکات باوکی و دایکی خۆی تووڕە بکات، تا
بزانێ دەتوانێ تا چ ئەندازەیەک تووڕەیان بکات..
لەو بۆ ئەوە، ئەوەندا دەکات کە ئالوودەی ئەشکەنجەوە بۆ دزی
کردن. لەوەهەر، ئەوەندەی ئەوەی کەیان بزوێنێ، تا
ڕوویان وەر بگێڕێ ئیتر خۆی. هۆی ئەمیشی ئەوەیە
کە هەست بە خۆی دەکات: باوک و دایکی هیچ ڕوویەکی نادەنێ،
هیچ بە تەنگیەوە نایەن.. باخود لەبەریەوە دەیان بزوێنێ
نابزانێ ڕادەی خۆشەویستییان دەگاتە چەند. ئەو خۆشە
ویستییەی کە لە مەوپێش لای نەبوون!
ئەمیشی ئەوە ئاگەیێنێ کە کورەکە بە تەواوەتی بێ پەروا
بکەوێ، چی دەکات بیکات. چونکە لە ڕووی گرنگییەوە
لەمە، لە گەڵ زۆرداری و ئازاردانی کەمان دا بۆ
کورەکەمان، وەک یەک دەوەستێتەوە!
دوور نییە وا ئێستا بکەوێ کورەکە باوک و دایکەکەی
خۆی ببینێ دزی دەکەن. ئەوسا کرێتی لەو هیچ بەرهەم ئەستێنێ

institut kurde de paris

لە پێش دەمی خۆی دا نابینێ ، کە چاویان لێ بکات و ،
لەسەر ڕێگای کەوا ئەوی بەر ڕوامت بە ڕێوە !..
کاتێک دەزانێ ، باوک و دایکی کەی هەست بە دزێتی یە
کەی ئەو دەکەن . کەچی خۆیان ئەوە نازانن کە کوڕە
کەلشیان هێشتی بە دزێتی یە کەی ئەوان کردووە . بۆ
دەمو دەست ئاوڕیانی لێ دەگۆڕن . بە پێچەوانەی پێشووەوە
وە ڕەفتاری لەگەڵیا دەکەن .. ئەگەر لەوە پێش لەگەڵیا
بە جۆرێ نەرم بوون ، ئاوایان لێ دێ کە بە جارێ توندو
تیژ بن لەگەڵیا بنوێنن
.. ((پێیە کە بە هەموو توانایە کانەوە لێ دەکۆشن بۆ ئەوەی
دڵی تۆ خۆش بکەین و هەر چی ئارەزوویە کیشت
هەیە بۆتی تەخت بکەین ، کەچی تۆ ئەوەندە لێ
نابرووی ، دەچیت ئەم کەتنە نەنگانە لەگەڵ ئێمەدا
دەکەیت ؟!..))
بەڵام باوک و دایکی کوڕ ، گوناهی کوڕە کەیان
هیە ، کە هەر ئەوە لە ساڵی دەکاتەوە کە
ئێوە خۆتان دەیکەن ؟!..
بۆ لێیە باوک و دایکەکەیشی ، هەر ئەو ڕێگایە
بگرن لە ڕێشیانی خۆیان را ، کە دەیاندوێ یا خۆ دتاوانی

Institut kurde de paris

بۆیە خوازن کە کورەکەیان لەسەری بڕوات ..
هیچ شتێکیش لەوە ئاسانتر نییە، لەوەلێش نزیکتر
نییە لە سروشتی هەموو شتێکەوە، کە کردەوەیان
لەگەڵ کورەکەیان دا شێکەڵ بێ لە کار دوور دەستی و
خۆش ویستی.

## ئامۆژگاریی کاریگەر

[یەکەم] : پێویستە لەسەرمان منداڵەکە لێ کار نەهێڵینەوە
بەڵام دەبێ هەندێ سەربەستیشی بدەینێ. جائەگەر منداڵەکە
دەستی کرد بە کۆکردنەوەی هەندێ پوولی پۆستە. یان
حەزێکی تەختە داهێنان بێ. یاخود پێویستی بچێتە ناو ئەو
هاوڕێیانەیەوە کە خۆشی دەوێن و بە هاودەمی یانەوە
کامەران دەبێ. یان بیەوێ هاوبەشی ی تیپێکی دیدەوانی
بکات. یاخود بەتایبەتی هۆگری وەرزشی کاری لۆلێ..
بە جۆرێکی تێکڕایی، ئەگەر منداڵەکەمان بەرەڵڵا کرد
خۆی خەریک بکات بە گەلێک کار و پیشە و یاری یەوە
لە هەموو پەیوەندیەکیشەوە حیت و چالاکی سۆزمێ..
ئەگەر هاتوو ئێمەیش یاریدەمان دا لەم جۆرە کار
گوزاری و حیت و چالاکی یانەی دا، ئەگەر پشتمان

institut kurde de paris

بەهێزکردنی لەم جۆرە شتانەدا، پتر پشتیمان کردە سەریان
و ئاڕاستەمان کرد بۆ سەرکەوتن لەواندا. ئەگەر
هاتوو ئێمە ئەمانەمان کرد، بێ گومان گەورە و بچکۆلەکەمان
هەرگیز بیر لە «دزی کردن» ناکاتەوە.. خۆ ئەگەر
هاتوو دزیشی کرد، بێ گومان دزیتی بەکری ئەوەندە
گرنگ نابێ، چونکە ئێمە شتێکی لێ بدزێ، شتێکی پێویستی
وایشی دەبێ کە باوکی لێ نەدزێ!!
[دووەم] : نابێ ئێوەتان لەبیر بچێ کە ئەگەر منداڵێک
دەستی کرد بە دزی کردن، بەباوەڕت بێ ئەوەیە کە لەناو ماڵەکەیدا
شتێکی وا هەیە هانی دەدات و پاڵی پێوە دەنێ بۆ
دزی کردن!.. کەواتە با ئێمە ئاگامان لە خۆمان بێ، لە
هەموو کار و کردەوەیەک و پێویستە ئاگایی بکۆڵینەوە و
ئاڕاستەیان تێ بگەین.
[سێیەم] : پێویستە خۆمان بپارێزین لە هەڵەگۆیی و
توورەیی و ترۆقنی و کاری ناڕەوا لەگەڵ منداڵەکەدا.
ئاوا هەست نەکات بە خۆی کە ئێمە لێی دڵ گرین
و مەترسییەی لێ دەکەین و بەکردەوە کاشیکی پێشە
نابەستین. بۆ وێنە: هەر دوو لابێنک لە ماڵی دایە
کلیل و قاوومی بکەین.. هەروەها نابێ

لە ئەندازە بەدەر

ڕێگە لێ بەستنی پیشان بدەین .. وەک ئەوەی کۆمەڵە
پارەی گەورە گەورە لەو ناوەدا دابنێین کە بتوانێ
دەستیان بۆ ببات .. چونکە ئەمە هانی دەدات
بۆ دزی کردن !. جا ئەگەر دزییەکی کرد، پۆلیسە
ئەوەی لێ ئەشارینەوە کە پێمان زانیوە دزیی کردووە
بەڵام نەک بەو ناوەوە کە « دزی »ی کردووە.
بەو ناوەوەکە « هەڵە »ی کردووە .. پاشان ئەوە
ناشێ ڕێگەی لێ هەڵگرین. ناشێ ئەوەی بدەینەوە بە
چاوی دا .. تەنانەت پۆلیسە لە پێشمان کەوای لێ بکەین
هەست بکات بەخۆی کە هەستیاری لێ دەبەستین و
باوەڕی پێ دەکەین. پۆلیسە هەروەها دەمێکیش
ئاگامان لە خۆمان بێ کە ئەوە نەخەینە مێشکییەوە کە
بە کوڕێکی ناڕاستی دادەنێین !!.
هەروەها پۆلیسە لە سەرمان کە نەهێڵین کوڕەکە
لە ڕەنج و کوێرەوەری و گیر و گرفتی ژیانی ئێمەی تەمەن
گەورە ئاگادار بێ. چونکە دووریە ئەو ئاگاداریە
بۆ تەمەنی ئەو دەست نەدات و زیانی لێ بکەوێتێ ..
بەڵام هەموو ئەمە بە ڕوویەوە لێ بکەینین .. تەنانەت لە کاتی
ماندوویتی و وەڕس بوونیشمان دا .. چونکە منداڵە

institut kurde de paris

چونکە ئەوەی لەسەر بنیە کە لەکاتی تەنگانەدا دەست بگرێت دەستی دایك و باوکی.

[ چوارەم ] : پێویستە بەرامبەر ڕاستی ئەو بارە بووەستیت ئەویش بەو جۆرە کە ڕاست وڕەوان و دڵسۆزانە گفتوگۆ لەگەڵ گەورەکەتا بکەیت .. ئا تۆ هەرچی بزانێت ڕاست وڕەوان بیت لەگەڵ ئەودا ، ئەو ئەوەندە لێت تێدەگات ، ئەوەندە هەست بە سەرەوەی دڵ دەکات ، ئەوەندەشی دەحەسێتەوە و لێت دڵنیا دەبێت !..

پێویستە لەسەرت هەڵەکردنەکەی خۆی پیشان بدەیت .. بەڵام نەکەیت هەڵە نکالی خۆتی بۆ دەربخەیت لەبابەت کردەوەی دزێتی بکەیەوە ، ڕێگاشی پیشان بدە کەلە دوا ڕۆژدا لەسەری بڕوات.

تۆ دەتوانیت ، لە کاتی هەڵەکردنیا ، هەندێ توندوتیژی لەگەڵدا بنوێنیت . بەڵام خۆشەویستی بەکەتی لێ مەبڕە. تەنانەت ئەگەر توندوتیژیشت لەگەڵدا نواند ، ئەو خۆشەویستییە لە کاتێکا دڵتا بهێڵەرەوە. دەبێ هەر کردەوەیەکیشت لەگەڵدا نواند ، ڕاستە وڕاست بیکەیت. دەبێ بە جۆرێکی وا لێی بکەیت کە بەلای کوڕەکەوە ڕەوا بێت .. واتا پیاونوێیەکی پەسەندی هەبێت بەلای

ئەوەوە .. پاش ئەوە پێویستە شتێ لەو بابەتەوە
قسە نەکرێ .. نەکرێت جارێکی تر لەو بابەتەوە قسەی
لەگەڵدا بکەیتەوە !.


هەروەها خۆشت لە چارەکردنی شوەحڵێ بپارێزە.
پێویستە چارەسێکی وای بۆ بدۆزیتەوە کە مام ناوەندی
بێت .. تۆش لە منداڵەکانت شیرینتر و کارپەسەندتر بە..

لە هەندێ بارێشدا، کە باوکەکان هەست بەوە دەکەن
منداڵەکانیان زۆر تووڕە و دڵناسکن، لە هەموو شتێک
زوو هەڵدەچن، لە هیچ دڵتەنگ دەبن،
وا چاکترە کە پاوێژ بە پزیشکە پسپۆڕەکان
بکەن ..

هەرچی پەروەردەکردنی منداڵە، بریتییە لە کارو
فرمانێکی ڕۆژانەی هەموودەمی. بام هەموودەمێک
ئەو قسە شیرانەمان بێتەوە یاد کە پەروەردە
کاری سویسەڵی بە ناوبانگ، [ کلاپارید ]
لە دەمی هاتۆتە دەری، کە گوتوویەتی:

«لە هیچ دەمێکدا، هیچ کەس، هەرگیز ئەوەی نە
گوتووە، کە پەروەردەکردنی منداڵ کارێکی
سووک و ئاسانە !.. »

insititut kurde de paris


ئەۆلو
٩٦٦/٢/٥

ئەم حساب کراوە

# جدول الدروس الاسبوعي

| الايام | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| السبت | | | | | | | |
| الاحد | | | | | | | |
| الاثنين | | | | | | | |
| الثلاثاء | | | | | | | |
| الاربعاء | | | | | | | |
| الخميس | | | | | | | |
| الجمعة | | | | | | | |

## تعاليم نافعة

### مقاييس الطول

١٠ مليمترات = سنتمتر
١٠ سنتمترات = دسيمتر
١٠ دسيمترات = متر
١٠ امتار = دكامتر
١٠ دكامترات = هكتومتر
١٠ هكتومترات = كيلومتر

### مقاييس الوقت

٦٠ ثانية = دقيقة
٦٠ دقيقة = ساعة
٢٤ ساعة = يوم
٧ ايام = اسبوع
٣٠ يوم = شهر
١٢ شهر = سنة

### جدول الضرب

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ |
| ٢ | ٤ | ٦ | ٨ | ١٠ | ١٢ | ١٤ | ١٦ | ١٩ | ٢٠ |
| ٣ | ٦ | ٩ | ١٢ | ١٥ | ١٨ | ٢١ | ٢٤ | ٢٧ | ٣٠ |
| ٤ | ٨ | ١٢ | ١٦ | ٢٠ | ٢٤ | ٢٨ | ٣٢ | ٣٦ | ٤٠ |
| ٥ | ١٠ | ١٥ | ٢٠ | ٢٥ | ٣٠ | ٣٥ | ٤٠ | ٤٥ | ٥٠ |
| ٦ | ١٢ | ١٨ | ٢٤ | ٣٠ | ٣٦ | ٤٢ | ٤٨ | ٥٤ | ٦٠ |
| ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | ٣٥ | ٤٢ | ٤٩ | ٥٦ | ٦٣ | ٧٠ |
| ٨ | ١٦ | ٢٤ | ٣٢ | ٤٠ | ٤٨ | ٥٦ | ٦٤ | ٧٧ | ٨٠ |
| ٩ | ١٨ | ٢٧ | ٣٦ | ٤٥ | ٥٤ | ٦٣ | ٧٦ | ٨١ | ٩٠ |
| ١٠ | ٢٠ | ٣٠ | ٤٠ | ٥٠ | ٦٠ | ٧٠ | ٨٠ | ٩٠ | ١٠٠ |

معمل ومطبعة الزهراء لصنع الدفاتر المدرسية - بغداد - شارع المتنبي

نێرا بۆ گۆڤاری نوتولوی

institut kurde de paris